www.kurdistannet.org
28-10-2006 10:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**قسەیەکی ویژدانیانە بۆ بێ ویژدانییەکی (هاوڕێ پارتیزان) وباری سەرنجی منیش لەسەر بابەتەکەی!. .. مەحمووود حاجی عومەر**

لەویەکدوو ڕۆژەی پێشوودا کەسێک بەناوی (هاوڕێیەکی پارتیزان) لە ماڵپەڕی کوردستانپۆست بابەتێکی نامەسئولانەی دابەزاندووە لە ژێر ناونیشانی: کورد زاکیرەی زەعیفە.. یەکێتی زەعیفترو کاک محمووودیش...

من تەنها بۆئەوەی برای نووسەرلەجۆری دەربڕین وشێوازی نووسینەکەی وەئاگا بهێنمەوە، ئەمەلەلایەک. لەلایەکی تریشەوە بۆچاو ڕوونی و ویژدانی جەنابیان پێم خۆش بوو باری سەرنجی خۆم بدەم.

سەرەتا بالەوەوە دەست پێ بکەم کە وەک هەمووومان ئاگادارین لە مانگی ئۆکتوبەری ساڵی 2004دا و لەپێناو چاکسازی وپاکسازی بۆ ڕیزەکانی ڕیکخستن وئۆرگانە حیزبی ویەکە ئیداریەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان وحکومەتەکەی، چەند هەڤاڵێکی مەکتەبی سیاسی دوای ڕاپرسییەک بەزۆرێک لە ناوەندە حیزبی وحکومییەکان وکادیرەکانی خوارەوەو فەرماندەییەکانی هێزی پێشمەرگە، لەدووتوێی نامەیەکدا پێشنیاری خۆیان ئاراستەی بەڕێز سکرتێری گشتی کرد بوو. دواتریش سایتێک کرایەوە بە ناوی (ڕیفۆرم) ەوە نووسین وبڵاوکردنەوەی بیروڕای ئازادو جیاجیا لەوبارەوە. ئەگەرچی نە سایتەکەی ڕیفۆرم بووە جێی گرنگی پێدانی کادرە ڕیفۆرم خوازەکان ونەمانبینی ڕاوبۆچوون وبابەتی دە پازدە کادری ناوچە جیاجیاکانی تیا بڵاوبکرێتەوەو نەئیمزاکارانیش تێکڕاتوانییان لەسەر هەڵوێستی خۆیان بمێننەوە. تا زۆریشیان بەپارەو پول و عەرزەو چەک وسەیارەو مەنسەب ومەسئولیەت و چاو پۆشین لە کەموکورتییەکانیان، هەڵگەڕانەوە!.

ئەمە لێرەدا بوو بە سەرەتای سەرهەڵدان و زەقبوونەوەی تەکەتولاتێکی نوێ لەنێوان هەڤاڵەکانی یەکێتیی دا هەرلە چڵەپۆپەی دەسەڵاتەوە تا ئەندامێکی سادەوساکار!ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو دوو ستافی تەکەتولە وەکو دووبەرەی جیاواز، وەکوو دووهێڵی تەریب تادێت خاڵی پێگەیشتن دوور دەکەوێتەوە!

پاش نزیکەی دووساڵ ودوای پێشکەش کردن وخستنە ڕووی چەندین پرۆژەی جیاجیاو چەندکۆبوونەوە یەکی مەکتەبی سیاسی بەسەرپەرشتی بەڕێز مام جەلال بریار درا زۆر بەشەفافیەت و بەشێوەیەکی ئازادانە دەست بە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی خوارەوە تا ئاستی مەڵبەند بکرێت. تالەدەمەدەمی هەڵبژار دنەکاندا بەڕێز مام جەلال جگەلەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی، ڕێنمایی خۆیشی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکردەوە بۆ باشتر پیادەکردنی هەڵبژاردنەکان و لەگۆڕنانی تەکەتولات وچوونەوە بەگژ دەستەو تاقم!گەرییدا کەچی بەداخەوە دیتمان هیج هەڵبژاردنێک بەقەدەرئەم هەڵبژاردنەخروقاتی لێنەکەوتە وە. کادیرەکان ودەوروبەرەکانیان سیاسیەن، ئەخلاقیەن تاسەرئێسقان کەوتنەشکاندنی گیان وجەستەی یەکتری. ئەوەی ئەمجارە هەردوو تەکەتول بەیەکیان کردووە هیج سەردەمێک نەکراوە. هەر بۆ نموونەش هەموو ئەو هەڤاڵانەی کە لەم باروزروفەدا ناویان بەخراپ کەوتوەتە ناوان ئەوا15 پازدە ساڵ زیاترە هەموویان بەفلتەری هەڵبژاردنە جیاجیاکانی یەکێتیی دا تێپەڕیون قەت وەک ئەمجارە نەکەوتونەتە بەرشاڵاوی بوختان پیاکردندا، ئەوە یەکەم جارە دەیان ناوناتۆرەی ژێربەڕە بۆخەڵکی دەخەنەسەربەڕە. بێ ئەوەی بزانن ئەم یەکترشکاندنە جگەلەناحەزانی یەکێتیی هیچ کەسێکی تر لێی سودمەند نابێت. ئەمەی دەکرێت خۆ پێگەیاندو شکاندنە لەسەرحسابی یەکتر. کێ هەیە زەمانەتی ئەوە دەکات داهاتووی هەر دوو بەرەی موخالیف بەیەکەوە زامن دەکات بۆ کاری هاوبەش وهەماهەنگ؟؟!.

دواتر بابێمە سەر باسی ئەو هەڤاڵانەی لە نووسراوەکەی (هاوڕێ پارتیزان) دا ناویان هاتووە.

بەڵام بە پێویستی دەزانم سەرەتا لە برای بەڕێز کاک شەهابی حاجی ئەحمەدەوە دەست پێبکەم چونکە ناوی ئەویش لەچەند ڕۆژنامەو ناوەندی جیاجیا هەر بۆسووککردنی بێویژدانانە هاتووەتە سەرزاران!.

-دوای شکستی پێشمەرگانەی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان لەئەنفالەکاندا کاریگەری خراپیشی لەسەر شانە تەنزیمیەکانی شارەکانیش دانا. بۆئەو مەبەستە سەرکردایەتی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بزوێنەرو هەڵسوڕێنەری بوو، هەر زوو وەخۆ کەوت بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری کوردایەتی. بۆئەو مەبەستە چەند بڕیارێکی گرنگ وچارەنووس سازدرا.

لەوانە چۆڵنەکردنی ناوچەکانی کوردستان لەپێشمەرگەو درێژەپێدانی خەباتی چەکدارانە بەشێوەی پارتیزانی لەلایەن ئەوپێشمەرگانەی کەخۆبەخۆ ئەوبڕیارە بوێرانەیە ئەدەن!وەبە هەموو تاڵی و کوێرە وەریەکی ناوچە کاولکراوەکانی کوردستان ڕازی ئەبن.

لەلایەکی ترەوە دامەزراندنی سەرکردایەتیەکی بڕیار بەدەست وبەئیمکان لەناوەوەی وڵات تابەتەواوی لەخزمەتی پێداویستیەکانی مەفرەزە پارتیزانەکان دابن، لەنزیکەوە ئاگایان لە داخوازییە کانیان بێت.

ئەوە بوو هەموو کارەکان تا ڕادەیەکی زۆرباش سەرکەوتوو بوو، ڕۆڵی سەرەکی ئەونەخشەو پلانە لە سەرکردایەتی شاخ بەڕێزان کاک نەوشیروان مستەفاو کاک کۆسرەت بینییان. لە ناوشاریش ڕێکخراوی سلێمانی بەسەرکردایەتی شەهیدی نەمر هاوڕێ جەباری حاجی ڕەشید وهاوڕێکانی مەردانە بینییان...

ئەو هەڤاڵانەو بەشێکی تری ئەو ئەندامانەی کەپاش ئەنفال لە ڕیزەکانی ڕێکخستن دانەبڕان لەشارە جیا جیاکانی کوردستاندا، بەتایبەت ئەو هاوڕێیانەی کۆمەڵە کە تواناو لیاقەو ئامادەگییان تیادابوو بۆ ژیانی ڕێکخراوەیی لەگەڵ ئەوڕۆژگارەو وەزعە هەستیارە بۆهاوکاری ڕاستەوخۆی مەفرەزەپارتیزانە کانی پاش ئەنفال، هەر لەو مێژووەوە حسابی پێشمەرگەیان بۆ کراوناوی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) یان لێنرا.

1-بە پێی زانیارییەکانی من مەفرەزەیەکی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) لەکفریداو لەناوچەرگەو ئەوجی عەزەمەتی دەسەڵاتی بەعس دا هەبوون کەکاک سدیقی حاجی سەعید (ئەبو عەلی) لەژێر ناوی نهێنی (هاوڕێ سوپا) لێپرسراوەکەیان بوو. کاک شەهاب بەناوی نهێنی (هەژار) یەک لە هاوکارانی هاوڕێ سوپا بووە.. کاک مەجید ڕەباتی (حاجی) - کاک ئەنوەر -کاک فایق) و چەند کاکێکی تریش هاوڕێیان بوون، کە بە داخەوە من نەیانمدەناسین.

هەتا هەردووشەهیدی نەمر (شەهید شاهۆو شەهید عومەری حاجی مەحموو) هەر پاش ئەنفال لەماڵی کاک شەهابەوە لە ساڵی 1989لە ڕێگای هاوڕێ سوپاو کاک شەهابەوە گەیەندرانە ناو مەفرەزە پارتیزانەکان وبۆجارێکی تربوونەوە بەپێشمەرگە. ئەوە وەکو شانەی کفری. ئەڵبەتە لە کەلارو رزگاری (سمود) وباوەنوریش بەهەمان شێوە هاوڕێیانی سرک هەبوون بەڵام بە پەنجەی دەست دەژمێردران!. نەک وەکو ئێستا کەهێندە زۆرن عەرزەش بەشیان ناکات!.

ئەو بەڕێزانەی کەوەکوو لێپرسراوی ڕەتڵی پارتیزانەکان لە گەرمیان دا بوون جگە لەشەهیدان:

حەمەڕەش-سەید محەمەد-مەلائەحمەدی کەلاری، بەڕێزان کاک عوسمانی حاجی مەحموود-کاک کوردۆ قاسم- کاک مەحموود سەنگاوی- کاک عەدنانی حەمەی مینا- شێخ کەریم چاوڕیش لێپرسراو بوون وئاگا یان لە هەموو مەوعیدەکانی (ڕێکخراوو پارتیزانەکان) هەبووەو بەخۆشیان گەلێکیان ڕێکخستووە.

حەقە ئەوان شاهیدی حاڵ بن وهەر ئەوانیش ئەم جۆرە ڕوونکردنەوانە بدەن. چونکە ئەوان زیاترلەووردو درشتی پارتیزان و سرک ورێکخستنی نهێنی و دۆست وهاوکار ئاگادارن. کەچی بەداخەوە لەسایەی ئەو وەزعەو بۆ پەناوگەی تەکەتولات سەدان کەس بە سرک قووت کراوەتەوە، ئەمانیش لەداخی یەکتر لێی بێ دەنگن!. جا بۆیە من بە ئەمانەتەوە وەهام بیستووە.

2-سەبارەت بە بەڕێز حەمەچاوجوان (محەمەد عبدوڵا) من تاوەکو ئەمڕۆ نەمبیستووە جاش بێت و ڕاوی

پارتیزانی کردبێت!وە یەکەم جارە بیبیستم بۆ هاتنی سەددام بە مرابات دانرابێت!!؟. قەت بڕوان ناکەم کۆنە پێشمەرگەیەک کە پێش ئەنفال کادری کۆمەڵایەتی بووبێت وشاڵاوی ئەنفال وەکوسەدان وهەزاران پێشمەرگەی تر دوچاری تەسلیم بوونەوەی کردبێت. بڕوای پێبکرێت کە بۆ مەراسیمێکی وەها بەنیگابان دابنرێت. بۆسەلماندنی درۆکەی (هاوڕێی پارتیزان) من شاهیدی دوومێژووی جیاجیای حەمەچاو جوان م. یەکەمیان ساڵی 1985ولەشەڕی یەکەمی سەنگاودا پێکەوە بووین لەدووری یەک مەتر لە منەوە ئەو حەمەچاوجوانە لە کارەباکەی سەنگاو فیشەکی دوژمن ڕوخساری پێکاو بریندار بوو. کەسەنگاو یشمان ڕزگارکردو هەمووومان تەقەی خۆشیمان کرد. بەڵام کاک حەمەچاوجوان بەهۆی بریندار بوونیەوە تەقەی خۆشیەکەشی پێنەبڕا!!!!!!!!!.

دووەم ساڵی 1989 لە سەربازگەی هەولێر لەگەڵ حەمەچاوجوان پێکەوە سەرباز بوین و ئەو نقڵی کەرکووک و منیش نقڵی بەغدا کرام. ئیتر نازانم کەنگێ ئەو پیاوە جاش بووە؟!خەڵک بۆیە سەربازی دەکرد تا جاشایەتی قبوڵ نەکات.

نازانم هەم ئەو بەڕێزانەی کەلەسەر کاک شەهابیان نووسیوەو هەم ئەم بەڕێزەی کە بەناوی هاوڕێی پارتیزانەوەهاتوەتەگۆ، بۆچی 15ساڵەئەم زانیاریانەیان لای خۆیان خەفەکردووەو بڵاویان نەکردووەتەوە؟ لەکاتێکدا هەردوکیان (حەمەچاوجوان وشەهاب) دەرچووی یەک خولی پەیمانگای کادیرانن. هەردوکیان سەرکەوتووانەلێپرسراوێتی کۆمیتەکانی ڕزگاری (سمود) - کفری -کەلار یان کردووەو هەردو کیشیان ئێستا کارگێری مەڵبەندن وهەردوکیشیان تا ئێستاش لێپرسراوی بەشی ڕیکخستنی مەڵبەندی گەرمیانن!. هەردوکیشیان دووکادری بەسەلیقەن لە کاری ڕیکخراوەی وبواری ڕێکخستن دا. دەکرێت ئیتهام بکرێن بە هەندێ شتی بەرژەوەندی شەخسی و کەموکورتی وتەکەتولاتێک وەک ئەو سەنگەرلێکگرتنەی کەئێستاتێی کەوتوون. بەڵام ڕەوانیەو زوڵمیشەپاش ئەوەندەساڵ بێ هیچ بەڵگەیەک لەککەدار بکرێن. ڕۆژنامەی ژیانەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ پیرەژنێکی نەخوێندەواری وەکو فەیمەکۆچەری دەکات و بێ هیچ هەست کردن بە مەسئولیەت وعورفێکی ڕۆژنامەگەری بە مانشێتێکی زلەوزەبەلاح کادری پلەناوەندی یەکێتیی بەموستەشارو سەرە '98 جاش ناوزڕ دەکات، بێ ئەوەی بەڵگەیەک بڵاوبکاتەوە ئایا ناوی فەوجەکەی چی بووە؟!فەوجی ژمارە چەند بووە؟!لای کێ بووەو کێی لابووە؟!. کوا دەلیل وسەرچاوەت؟!بۆبڵاوت نەکردوونەتەوە؟.

ئاخر بەڕاستی ئەوە تاوانەو ڕۆژنامەی ژیانەوەلەو تاوانخستنە پاڵە پشکی خۆی بەردەکەوێ!. چونکە ژیانەوەش باش دەزانێ ئەو برادەرانە باجی تەکەتول ئەدەن، نەک ڕابردوی لێڵ.

3-کورد قسەیەکی هەیە ئەڵێ (مردوو مرد شەیتان وازی لێئەهێنێ) . ڕەنگە ئەوە بەس بێت بۆ وەڵامی (هاوڕێیەکی پارتیزان) چونکە دەریخستووە لەشیتان گێرەشێوێن ترە!!! بەڵام خوالێ خۆش بوو کاک مەحموودی مراد عەلی هێندە بەسە تائاخرڕۆژی ژیان لەمەیدانی خەباتدا کارگێری مەڵبەند بووە. جگە لەوەش دەکرێ بوترێ کوانوویەکی گەشی پر پشکۆیە، چونکە کۆمەڵێ نەوەی بەخزمەتی کوردو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەجێ هێشتووە.

4-ئەمەو سەبارەت بە حەمە قاشتی وئەو دکتۆر هەمزەیەی کە ژنی ئەنفالەو کەسیش باسی ناکات! لەوەتەی من ناسیومن هەر پێشمەرگە بوون وهیچ کات ڕابردووی لێڵ وخراپم لەو بەڕێزانە نەبیستووە. حەمە قاشتی یەکێک بووە لە پێشمەرگە بزێوەکانی سنوری قەرەداخ وکەم چالاکی ناوچەکە هەیە تیادا بەشدار نەبێت. دواپلەی لەناو هێزی پێشمەرگەدا لەپێش ئەنفال فەرماندەی تیپی 17ی زمناکۆ بووە. من خۆم لەگەرمەی شەڕی ئەنفال بەبرینداری لەگەرمیان بینیم. پاش هێندەساڵ پێشمەرگایەتی وئەگەر تەسلیم بوونەوە بە شورەیی دابنرێت، بەتایبەت تەسلیم بوونەوەی پاش کارەساتی ئەنفال، ئەواهەزاران پێشمەرگەو کادرو سەرکردەی تێکڕای حیزبەکان بێ بەش نەبوون لەو شوورەییە! جگە

لەوەی هەرچی پێشمەرگەی تەسلیم بووەی ئەنفال هەیە ناچاری سەری پێکردوون بەماڵی دوژمن دا. بەشی هەرە زۆر بیشیان بە پرس وپێزانین تەسلیم بوونەتەوە. کەمیشیان هەبووە پەیوەندی نەکردبێتەوەو زۆریش بوون لەوانە کەشانەی چەکداری ناوشاریان لێ دروست کرا بۆ سازدانی ڕاپەڕین.
ئەگەرچی شەهیدی نەمر مەلائەحمەدی کەلاری دوای ئەنفال شتێکی لەسەر هێزەکانی ئاودیوی ئێران نووسیبوو بۆپێشمەرگەی دابڕاو بوو بەدیفاع لەژێر ناونیشانی (تەسلیم بوونەوە هەر تەسلیم بوونە، جا چ بە (ئێراق بێت یاخود ئێران!) .

3- سەبارەت بە ئیدریس حەمەفەرەج. بۆ باس لە جووت برای شەهیدی ناکرێت؟ هاوڕێی پارتیزان کە باس لەڕابردووی کەسێک دەکات بۆ باس لەڕابردووی بەخوێن نەخشێنراوی فەقێ عەلی ناکات؟کەلە سەرەتای هەشتاکاندا بە واریسی شۆڕش ناسراو بوون. کوا (قاسمی فەقێ عەلی وئازادی برای وحەمید و کەریمی برای؟) لەپای چی گیانیان سپارد؟. کاکی نووسەر گەرباسی ڕابردوو ئەکات، خۆ ئدریس پێش ئەوەی پارتی بێت یەکێتی وئەندامی کۆمەڵە بووە!!!. دواتریش پارتی بوون کەی عەیبەیە؟لەکاتێکدا ئەمڕۆ تۆقبوڵت کردووە سەرۆکی پارتی سەرۆکی نەتەوەییتە. پارتی سەرۆکی حکومەتەکەتە. هیچ سەردەمێک پارتی وات لەگەڵ ڕێک نەبووە.

من بێ ئەوەی هیچ کارێکم بە ئدریس و هیچ ئیدریسێکی تریش هەبێ، بەڵام بۆ مێژوو ئەینووسم وحەز ئەکەم خوێنەر لەوە دڵنیابکەم ئەو ئدریسە ساڵی 1999لە ڕێگای خوێنکارێکی زانکۆی سەلاحەددین بە ناوی ئەحمەدفارس کەخزمی هەردوولامانە من پەیوەندیم بە کاک ئدریسەوە کرد بۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو یەکێتیی. بەڵام هەندێ هۆکار ئەوکاتە گەڕانەوەکەی ناوبراوی دواخست.
پێم وانیە هیچ کەسێک بە (هاوڕێی پارتیزان) یشەوە بەقەدەر من دڵسۆزی کاک عادیل و مەلاکەریم وکاک مەردان بێت. بەڵام بەڕاستی ئەوە نەدڵسۆزییەبۆ کاک عادیل، نەخزمەتی کاک عادیلیش دەکات.
بەوە کاک عادیل لەخەڵکی خروقاتچی جیادەکرێتەوە کەبەگژ هەزار نووسینی لەوبابەتەدا بچێتەوە.
گەربالی ڕێفۆرم بەم پیاهەڵکدان وزەمکارییە خۆشحاڵ بن ئیتر تەقیم چ دەبێت بۆڕێفۆرم؟!.
بەداخەوە گەر ئەو بەڕێزە زۆر دڵسۆزەو زۆر دژی کارە ناپەسەندەکانی ناوپرۆسەکەیە فاوڵی زۆرترو خروقاتی خراپتر هەیە بینووسیبایە!.
دەبوو هاوڕێی پارتیزان درکی بەوە بکردایە کەتەسلیم بوونەوە عەیب نیە ئەوە عەیبە کە کادری تەسلیم نەبوو بەناوی عەشیرەتەوە دەچێتە ماڵی کۆنەموستەشاروسەرەک جاش، بلێ براکانتان (فلان مەسئول) کوشتوونی!!!. ئەوە نەنگی وشوورەییە گەر ڕاست بێ!.
ماوەتەوە بڵێم لەکاتێکدا کەگومانم هەیە تۆ پارتیزان بیت، لەهەمان کاتدا ئەڵێم تۆ نەک دڵسۆزی عادل شکوردو مەلاکەریم نیت، بگرە نەیاریانیت. ئەو نووسینەشت بە (موندەس) دەزانم بۆ ئاژاوە!!!!!!!!!!.

سوێد
23ی ئۆكتوبەر
lashkr10@hotmail. com